سەرچاو، هەموو کاتێکتان باش.

سڵاوم و ریزم هەیە بۆ میوانەکەت و بەشدارانی بەرنامەکەتان هەر وەها بینەرانی نۆرۆز تیڤی

سەرەتا دەستخۆشی بەرنامەکەتان لە دەکەم، چوون براستی ئەحزابی کورد پێویستی بەم جورە لە دەبات و گۆفتوگویە، خاترجەم پێشمان دەخات، رێخۆشکەرە، کۆدەنگی ساز دەکات، هیودارم کاناڵەکانیتریش ئەم بابتە بەرز بەنرخێنن، و کاری بۆ بکەن.

ئێمە پێمانوایە کە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ ناسکتر و هەستیارترە و دەبێت، ئاڵوگۆڕە هەرێمی و نێونەتەوەییەکانیش لە سەر دەڤەرەکە دەوری تایبەتی خۆیان گێراوە و دیگێرەن،

ئێمە پێمانوایە ئەمرۆ خەڵکی کوردستان پیۆیستیان بەم کۆنفرانسەیە، گەلی کورد پێویستە بزانن کە ئەحزاب بە درێژایی چەند دەهە کار و خەباتیان لە پێناو رزگاریاندا ئەمرۆ لێکدانەو و هەڵسەنگاندنیان بۆ دوارۆژ چیە؟ نقشە و پەلانی داهاتوو چیە؟ هەواهەنگی و هاودەنگییان لە چ ئاستێکدایە؟

ئێمە پێشوازی لە کۆنفرانسێک دەکەین کە سەرجەم حیزب و ڕێکخراو وپارتەکان ، تاکە وکەسایەتی سیاسی کۆمەڵایەتیی و کولتوریەکان بگرێتەخۆی، کۆنفرانسێک کە لە قەوارەیەکی شەفاف و رووندا بتوانێت شیکردنەو و لێکدانەوی بۆ هەموو پرسە سەربازیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد بە پیی هەلومەرجی تایبەتی پارچەکانی کوردستان تاوتوو بکات و هەوڵی بدات کە نقشە و پەلانی تاکتیکی و ئیستراتژی بۆ گەلی کورد لە چوارچیەوەی بەرژەوەندیە گەشتیەکتایبەتیەکانی پارجەکانی کوردستان دیار بکات.

چوون براستی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئاسایش و ئەمنیتی خۆیدا، لە پێناو ئەو زەرو و ماڵۆێرانی و قوربانیە کە داویەتی، پێویستی بەوەیە کە هەر لە ئیستاوە لێیان روون بێت کە لە داهاتوو دا چیتر شارو گۆندەکانی کوردستان وەکوو شاخەکانی کوردستان لوبنان و فەلەستینێکی تری تێدا دروست نابێت. حتما" ئەم کۆنفرانسە پێویستە، سەرەرای بیروبۆچوونی هەمۆ بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە.

بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد دەخوازەت ئێمە بە وەردو دەرشتەوە بەشدار بین. لەبیرمان نەچیت داگیرکارانی کوردستان سەرەرای هەموو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان لەسەر سەرکووتی ئەم گەلە هاودەنگەن، ئێمەیش سەرەرای هەموو تایبەتمەندیەکانی پارچەکانی کوردستان. سەرەرای هەموو بیروبۆچوونەکان دەبێت لە سەر بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان کۆدەنگیەک پێک بەیێنین!

ئێمە پێموایە هەر لە ئێستاوە ئێمە ناتوانین خەت و نیشان بکەشین بۆ ئەو کۆنفرانسە، ئەوەی کە گرنگە، هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆبونەوەی هەموو لایەنەکان،

راستە حتما" دەبێت پێش کۆنفرانس کۆبونەوەی بگیریەت، و لەسەر بابەتەکانی کۆنفرانس هاودەنگیەک پێک بێت، بەلام پرسیار ئەوەیە کە کام پارت و حیزب و کوروکۆمەڵ هەیە کە لە چوارچیەوەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستاندا هاودەنگی نەبێت. ئەگر براستی مەبەست بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانە! ئێمە وەکۆ کۆمەڵە / پارتی سوسیالدیموکراتی کوردستان پێمانوایە ئەم کۆنفرانسە زەرەورتەکی میژوویە، پێشوازی لێدەکەین.

ئەوە کۆنفرانسە بەردی مەحەک دەبێت بۆ بەشداری ئەوانی کە روژانە لە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد دەدوێن. هیوادارین پێک بێت و هەموو لایەنێك بەشدار بن، دیارە کورد ئەمرۆ ماڵەکی

گەوەری هەیە و جێگەی خۆیەتی کە شانازی پێوە بکرێت، چوون بە ماڵی خۆمانی دەزانین، هەر ئەم هێزە و پۆتانسیلیە کە  ئەمرۆ کورد و لایەنەکان باسی کۆنفرانسەکی نەتەوەیی دەکەن. بە تاکید ئەمە رەسالەتیکی مێژۆیە دەخاتە سەر شانی ماڵی کورد، کە ئەم ئەرکە مێژۆیە بەجێگەی خۆی بەگەیەنێت، و لە کێژۆهەویەکی شیاوودا پێک بێت. پێموایە هەموو لایەک چوەرووانن! و بەشداریش دەبن. ئێمە دەڵین پیرۆزە. و پێشوازی لێدەکەین.

دەستتان خۆش بێت. سپاس بۆ ئەم هەنگاوە< هەنگاوەکی پیروزە.